## گوڵاڵە ساڵح:
# ریفۆڕم بەبێ دەسەڵاتی یاسایەکی بێلایەن جێبەجێ ناکرێ


گوڵاڵە ساڵح

- ئەو کاتەی دۆخێکی نالەباری سیاسی ژیان داگیر دەکات و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەلایەکی دی دادەڕوات، ئەو گۆڕانانەی پێویستی ئەو قۆناغەن تا ژیانی تێدا یەکسان بێت، رێک لەوکاتەدا جیاوازییەکان سەرهەڵدەدەن و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا لێک دەترازێن، ئە لەوکاتەدا ریفۆرم دەبێتە ئەو میکانیزمە زۆر پێویستەی کە باسی لێوە بکرێت و دەسەڵاتی پێ ئاگادار دەکرێتەوە تا چیدی بەسەر لەگرێژنەچوونی پڕۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا باز نەدات و هەوڵی چاکسازی بدات هەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا تیایدا سوودمەند بن و ئەو توێژەش کە بەر شاڵاوی ریفۆرم دەکەون دەسەڵاتیان لێ دامباڵدرێت و چیدی بۆ بەرژەوەندییەکانی خود لەسەر بودجەی هاووڵاتییان هەڵنەئاوسێن.

لە قۆناغی ئێستادا ئەگەر راگەیاندن رۆڵی بەرچاو نەگێڕێ لە دەرخستنی کەموکوورییەکان و بانگەشەی چەمکی ریفۆرم نەکات، ئەوا توێژە هەرە بەرفراوانەکەی کۆمەڵگا بێئاگادەبن لەو گەندەڵی و کەموکوورییانە کە لەبواری هزری و پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا دەکرێت. جا بۆ نەپچڕانی رایەڵەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی ریفۆرم ئەو چەمکە زۆر پێویستەیە کە هەموو لا وەئاگادەهێنێتەوەو بەربەست و ترسێکی گەورەش بۆ ئەو مشەخۆرانەدروست دەکات، کە لەخۆیان بترازێ کەسی دی نابینن.

- بەهۆی زۆری تێپەڕبوونی قۆناغە سیاسییەکان و ئەو گۆڕانە خێرایانەی بەسەر کۆمەڵگا هات، هەروا زۆری پێکهاتەکان و تێکەڵبوونی ئەو کولتوورو ترادسیۆنانەی ئێستا لە هەناوی ناوەوەی هەموو تاکێکی کوردیدا هەیە، کە رێگرو کۆسپن لەبەردەم چەمکی ریفۆرمدا ، لەبەردەم ئەو گۆڕانانەی کۆمەڵگا بەرەو کرانەوە دەبەن، ئا لەوکاتەدا کوردستان دەکەوێتە ناو قەیرانەکان و جگە لە کێشەو گرفتەکانی ناوخۆ و دەورووبەریش لە هەموو بوارەکاندا قەیرانمان بۆ دروست دەکەن، پێدەچێ تا ئێستا دەسەڵاتی خۆماڵی لە کوردستان لەئاستی گەورەو زۆری قەیرانەکاندا نەبێت، چونکە بانگەشەی دیموکراسی لەم قۆناغە ئاڵۆزەی ئێستادا کە جێبەجێکردنی پێویستی بە دەزگاکەلێکی مۆدێرن و ئابوورییەکی جێگیرە دەستەبەر نەکرێ و لەبواری بازاڕی ئازادیشدا کە هەر هەموو سنوورەکانمان بەستراوەتەوە بەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی دروستکردنی قەیران و کێشەکانن و ئەمە جیا لەوەی سەقامگیرییەک لە داهاتی تاکدا نییە یان نییە بۆ سەقامگیری داهاتی تاک، بۆیە گەندەڵی دروست دەبێت لەوێشەوە قەیرانێکی چڕ دووچاری دەسەڵات دەبێت کە پێویستی بە ریفۆرم دەبێت، ریفۆرم پێویستە لە هەموو ئەو دەزگاو شوێنە هەستیارانەی داهاتی تێدایە، لەناو پرۆژەو خزمەتگوزارییەکان و تەنانەت ناوی ناوەوەی دەسەڵات و ئەو شوێنانەی حزب جێگە حکوومەتی داگیر کردووە و رێگرن لەبەردەم پێشکەوتن و یەکسانی و چاکسازیدا.

- ئەگەر دەسەڵات ئەوە بێت کە دەیڵێت و بانگەشەی بۆ دەکات بەراستی لە خزمەت هاووڵاتییانی دایەو دەوێت لە رەوتی گۆڕانکارییەکان دوا نەکەوێ، ئەو گۆڕانانەی لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان پێیانە، گوێ لە فشارو داواکارییەکانی هاووڵاتیان بگیرێ و ریفۆرم لەپێش ینەی کارەکانی خۆی دابنێ و بەسەر هیچ کەس و لایەنێکدا باز نەدات و کە رێگرن لەبەردەم کرانەوەو ریفۆرم دا، کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنرێ و ئەو شوێنە لاوازانەی دەستنیشان دەکرێت هەوڵی ریفۆرمی تێدا بدات، ئەوە بێگومان لە ئایندەدا ئەگەر زۆریشی پێ بچێت ئەوە دەگاتە ئەو قۆناغەی کە هاووڵاتییان داوای دەکەن و زاڵدەبێت بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگانەی کەدووچاری واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێمە بۆتەوە، چونکە لەبیرمان نەچێت هەموو ئەو هەڵە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لەرابردوودا لەلایەن دەسەڵاتەوە کراون باجی زۆری کەوتۆتە سەر دەسەڵات و ئەوانیش بەشێکن لە ئێمەو بەدەر نین لەو کەلتوورو نەریتە کۆنانەی کە دەیان ساڵە بەسەر واقیعی کوردستاندا

سەپاوە لە ئێستاو لە ئایندەشدا پێویستیمان بەریفۆرم دەبێت و تەنها و تەنها لەرێگەی ریفۆرمەوە دەتوانین قەیرانەکان نەهێڵین و چەوتەکان راستکەینەوە.

- دەسەڵات بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردنی ریفۆرم لەسەرجەم دەزگاکاندا، بەتایبەت ئەو شوێنانەی لێواو لێون لەکەموکوڕی و حزب تیایدا باڵادەستە، خۆ ئەگەر لەم ساتانەدا نەیویست یان نەیتوانی پرۆسەی ریفۆرم جێبەجێبکات، ئەوا فشاری ناوخۆ لەرێگەی خۆپیشاندان و نارەزاییەوە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لەجێبەجێکردنی ریفۆرم یاخود هەڵبژاردنەکانی ئایندەو ئەم قەیرانە یەکلا دەکاتەوە.

- بەبۆچوونی من تا حکومەت حزب بەرێوەی ببات و دەسەڵاتی حیزبی باڵا دەست بێت لەولاتەکەمان جێبەجێکردنی ریفۆرم زۆر ئەستەم دەبێت، ئێستا شوێنێک نەماوە لەناو دەزگاکاندا دەسەڵاتی حیزبی و گەندەڵی تیایدا باڵادەست نەبێت، بۆیە سەرجەم هەوڵەکان ئەوانەی دراون و دەدرێن شکستیان بەدەستهێناوە، ئەگەر لەشوێنیش بگەرێین بۆ جێبەجێکردنی ریفۆرم بەدڵنیاییەوە شوێن هەن، بەڵام پێویستی بەگۆڕانی کەسایەتی ئەو کەسانە هەن کە بەربەستن لەبەردەم جێبەجێکردنیدا.

- جێبەجێکردنی ریفۆرم لێرە پێویستی بەبازدان دەبێت بەسەر بەرژەوەندییە حزبی و خودییەکاندا، دەبێت چاو بخشێنرێتەوە بەسەر هەموو کردە پێچەوانەکان، ئەوانەی لە سنووری یاسا بەبێ یاسایی ئەنجام دەدرێن، لەکوێ هەست بەلاوازی ریفۆرم بکرێت دەبێ حکومەت سەرنج لەوێ گیرکات بەبێ رەچاوکردنی ئەوانەی خەباتیان هەیەو سەر بەحزبی دەسەڵاتدارن، چونکە ریفۆرم بەبێ دەسەڵاتی یاسایەکی بێلایەن نایەتە واری جێبەجێکردنەوەو هەموو ئەو لەمپەرو بەربەستانەش کە دێنە رێییەوە بریتین لەو قەیرانە ناوخۆو دەرەکییانەی کە زاڵبوون بەسەریاندا لەتوانای دەسەڵاتدا نییەو ئەوە لەکاتێکدا کە دەسەڵاتیش ئەوەندەی چاوپۆشی لە دۆست و لایەنگرانی خۆی دەکات هێندە بیری لە ریفۆرمێک نەکردۆتەوە کە سەرەتا لەخۆیەوە دەست پێبکات.

- لەگەڵ دەستپێکردنی ریفۆرمدا هەندێ قەیران بۆ دەسەڵات دروست دەبێت کە چارەسەرکردنی زۆر ئاسان دەبێت، گەر بەراستی ریفۆرمیان بوێ، بەڵام توێژێکی گەلێ بەرفراوانی دانیشتوان کە من پێم وایە لەسەدا ٧٥ی زیاتر دەبێت خۆشحاڵ دەبن و دەستخۆشی دەکەن، چونکە دڵنیام لەوەی لە جێبەجێکردنی ریفۆرمدا سەرەتا لە جیاوازییەکان و گەندەڵییەوە دەست پێدەکرێت بەمەش ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی حکومەتی یاسایی و هاوولاتیان، بەڵام دەستپێکردنی ریفۆرم بۆ هەندێ پارت و گرووپی ئیسلامی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتیشن تەگەرە دەبێت لەبەردەم گەشەکردنیاندا، بۆیە ئەوانیش لە سووچێکەوە هەوڵی دروستکردنی کۆسپ دەدەن و رەخنە دەگرن، بەڵام ئەگەر دەسەڵات بەراستی بیەوێ ولاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بەرێوە ببات کە جێگەی شەرمەزاری نەبێت، دەبێت ریفۆرم وەک خۆی بناسێ و هەوڵبدات دەبێ گەورەتر بێت لە هەموو ئەو تەگەرانەی کە رووبەرووی دەبنەوە.